# پروپاگەندە دژی هونەرمەندان چ کاریگەریەکی هەیە؟

**ماوەیەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان بۆ زیادکرنی بینەر و خوێنەرانیان هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەندان بەشــێوەیەکی بەرفراوان بڵاودەبێتەوە، بەڵام دواتر هەواڵەکە لەلایەن خودی هونەرمەندەکە ڕەت دەکرێتەوە و بە درۆ دەخرێتەوە، بێگومان ئەمەش کاریگەریی لەســەر ئەو کەســانە هەیە کە ناویان لە هەواڵەکەدا دێن، سەبارەت بەم پرسە چەند هونەرمەندێك هاتنە ئاخافتن و باسیان کردووە.**



**هونەرمەندی گەورە حەمە ڕەشید هەرەس ئاماژیە بەوە دەکات کە خۆیشی قوربانی ئەم جۆرە پروپاگەندانە بووە:**

ئەم دیاردەیە زیاتر دەگەڕێتەوە، بۆ ســەرەتای سەدەی ڕابردوو، ئەو کاتانە بەشێوەی ئێســتا وا بە زوویی بە درۆ نەدەخرانەوە، چونکە بوارەکانی تەکنەلۆجیا وەك ئێستا نەبوو. بەڵام ئێستا زۆر بە زوویی درۆ و پڕوپاگەندەکان بە هۆی خێرایی تەکنەلۆجیاوە بە درۆ دەخرێنەوە.

بەندە یەکێکم لە قوربانیانی ئەم جۆرە هەواڵانە، چەند ســاڵێك لەمەو پێش کوڕێك بە ناوی حەمەڕەش لە وولاتی کەنەدا خۆی کوشــت. کەچی یەکێك لە کەناڵەکانی کوردستان لە مانشێتی خوارەوەدا نووســیبووی، حەمەڕەشــید هەرەس بە ڕووداوێکی دڵتەزێــن گیانی لە دەســتداوە، ئەمە بووە بە هۆی شــین و واوەیــلا، لە ناو کەس و کارمــداو بەڕێکەوت منیش لە دەرەوە بــووم و مۆبایلەکەم لەماڵەوە لە بیــر چووبوو، کە تەلەفۆنیان بــۆ کردبووم و وەڵامم نەبووە، ئیتر بووە بە ڕاســت لای کەس و کارم. بە راســتی ئەمە دیاردەیەکی ناشــیرینە، بە رای من هەندێــك ناحەزی ئەو هونەرمەندانە لە پشــت ئەم بەزمەوەن، یان هونەرمەندەکــە خۆی بۆ بازاڕ گەرمی، ئەم هەواڵانە بڵاو دەکاتەوە، یان سەرچاوەیەکی میدیایی بۆ ڕاکێشانی خوێنەر ئەم کردارانەی لێ دەوەشــێتەوە، یان هەڵەیەك لە بیستنی ناوەکەدا هەیە و نا مەسئوولانە، ئەیسەپێنن بەسەر هونەرمەندێکدا.

بە کورتی ئەمڕۆ ئــەم هەواڵە درۆیانە، بەهۆی تەکنەلۆجیاوە وەك جاران ناژی و زوو ڕاستی دەردەکەوێت.



**هونەرمەندی خاوەن ئەزموون ســەعدون یونس کە چەندین ساڵە لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیان بەسەر دەبات ئەم جۆرە بابەتانە بە گرنگ دەزانێت و دەڵێ:**

ئــەم جۆرە پروپاگەندانــە لە سەرتاســەری جیهان هەن و زیاتر کەســانی خاوەن ئەزموون و ناســراو دەگرێتەوە، ئێمە لە قەیرانێکی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و کەلتووریداین، قەبارەیەکــی زۆر لە خۆمان گەورەترمان دروووســتکرد لە هەمــان کاتدا زۆر بێ پلان بوویــن، دامودەزگایەکی زۆر کە ئێستا ئەرکەکەی قورسە، و دەرەنجام فەرامۆش کردنی کەلتووری ڕەســەنی کوردی لێکەوتەوە، ئێمە نموونەیەکی گەشی کوردستانی گەورە بووین ئەگەر کار وابڕوات دەبینە ئەرك لەسەر کوردستان، بە سەدان گەنجی کوردی خەرکی ون بوونن لە وڵاتانی ئەوروپا، دەیان حزبی سیاسیمان هەیە تەنیا خاوەنی ناون، دڵنیام ئەوانەی دەسەڵاتیشیان هەیە بە دوای ڕێگایەکەوەن کە خۆیان ڕزگار بکەن، چونکە خەریکە ناسنامەی ئێمە پارچە پارچە دەبێت.

لە بارودۆخێکی هاوشــێوەیە ئێســتای کوردســتان چی چــاوەڕوان دەکەی، لەو حاڵەتەدا تەنیــا کەلتوور دەتوانێت خاوێنمان بکاتــەوە ئەو دیاردەیەش کە ئێوە باســی دەکەن و کەسانی ناســراو و هونەرمەندان دەگرێتەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی بزر بوون.



**هونەرمەند بورهان محەمەد دەڵێ پێی وایە هۆکاری سەرەکی میدیاکان و لەم بارەیەوە دەڵێ:**

سەبارەت بەم بابەتە کە زۆر جار میدیاکان ئەو جۆرە هەواڵانە بڵاودەکەنەوە حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە ئەمە تەنیا لە وڵاتی خۆمان نییە بەڵکو لە سەرتاسەری دنیا ئەم جۆرە هەواڵانە بڵاو دەکرێنەوە و هەمیشە کەسایەتییە ناسراو و خاوەن جەماوەرەکان دەبنە قوربانیی ئەم هەواڵە درووستکراوەکان و کاریگەرییشی هەیە لەسەر ەو کەسانەی کە هەواڵەکەیان لە دژی بڵاودەکرێتەوە و بیر لە کاردانەوە و گرتنە بەری رێوشوێنی تایبەت و یاسایی بگرنە بەر و ەو رۆژنامەنووس و رۆژنامەکەش ئاگادار دەکەنەوە بۆئەوەی چیتر پشت بە هەواڵی نادروست مەبەستن و تا ١٠٠٪ لە راستی و درووستی هەواڵەکە دڵنیا نەبن پێویست ناکات بڵاوی بکەنەوە.



**مامۆستای هونەرمەند و خاوەن ئەزموون هیوا سوعاد کە خۆیشی ماوەیەك بەر لە ئێستا قوربانی ئەم جۆرە پروپاگەندانە بووە دەڵێ:**

ئەم دیاردەیە چەند هۆیەك هەیە بۆ بوونی لەوانە چاولێکەری پەیجە عەرەبییەکان و سەرنجراکێشانی خەڵك بۆ ئەو پەیجانەی کە هیچیان لە بار نییە جگە لەوەی خۆدەرخستی خاوەن پەیجەکان و کۆکردنەوەی لایك و کۆمێنتە، هەروەها ئینتیمای حزبی و هزر هونەرمەندەکەیە، کەسانێکی بیر تەسك وەك تۆڵە سەندنەوە پەنا بۆ ئەم کارە دەبەن، بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە کارانە هەمیشە کاردانەوەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی خراپی هەیە و گوزارشت لە ئاست نزمی و بێ ویژدانی ئەم کەسانە دەکات کە ئەو جۆرە هەواڵانە بڵاودەکەنەوە، چونکە هەمیشە هونەرمەندان و رۆشنبیران گەورەترین سەرمایە میللەتەکەمانن.



**دەرهێنەری سینەمایی حوسین زارین ئەویش بەم شێوەیە باسی بابەتەکە دەکات دەکات:**

لەبەر ئەوەی هونەرمەند مرۆڤێکە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا خۆشەویستە و زۆربەشیان جەماوەری تایبەتیان هەیە، بۆیە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کردنیان جەماوەر زۆر دڵتەنگ دەکات لە هەمان کاتدا کاریگەریشیان دەبێت بەرامبەر بەم هەواڵە، لە ئێستادا فەیسبوك زۆر بە خێرایی هەواڵەکان دەگوازێتەوە، و دەرفەتی بەدودا داچوونیش بۆ راستی هەواڵەکە ناهێڵێتەوە ئەمە لایەنێکی درووستبوونی ئەم گرفتەیە،هۆکاری دووەمیش میدیای کوردییە، بەداخەوە لە کوردستان راگەیاندن هیچ بنەمایەکی نییە کە ئەرك و سزا و پاداشتی تێدا بێت، بۆیە بێ گوێدان زۆر جار دەردەکەوێت دەکەوینە داوی ئەم جۆرە پورپاگەندانە، هیوادارم مەرگی هیچ تاکێکی کوردستان و مەرگی هیچ هونەرمەندێك نەبینم.



**خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کورددستان ئالین دەڵێ:**

بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە لە وڵاتانی رۆژئاوا کارێکی ئاساییە، زۆرە جار لە تیڤی یان رۆژنامە و گۆڤار هەواڵێکی لەم جۆرە بڵاو دەکرێنەوە هەندێکیان لە بەرژەوەندی هونەمەندانن، بەڵام هەندێك جار دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی سکاڵا و لە دادگا دژی ئەو کەسەی هەواڵەکەی گواستۆتەوە و ئەو شوێنەی لێی بڵاوکراوەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی مەبەستی سەرەکی لەم جۆرە پروپاگەندانە لێدانە لە بەرژەوەندییەکانی کەسایەتییەکی ناسراوی نێو جەماوەر بەتایبەتی هونەرمەندان، زۆر جاریش مەبەستیانە زیان بە کەسایەتی ئەو هونەرمەندە بگەیەنن و لە پەنای ئەم هەواڵەشەوە خوێنەر یان بینەر بۆ دەزگایەکی دیاریکراوی راگەیاندن پەیدا بکەن.



# سەمیرە سەعید: وەرگرتنی خەڵات خۆشترین ساتی ژیانم بووە

ئەگەرچی سـەمیرە سـەعید خەڵکی مەغریبە، بەڵام دەرکەوتن و ناسینی لە رووی هونەرییەوە قاهیرە بووە و هەر لەوێش بووە یەکێك لە ئەسـتێرە ناودارەکانی گۆرانی عەرەبی و ماوەی چەندین سـاڵە بەردەوامە و سەرەڕای ئەو بارودۆخە سەختانەی کە لە چەند ساڵی رابردوودا میسر بەخۆیەوە بینی، بەڵام ئامادە نەبوو قاهیرە جێ بهێڵێت.

سـەمیرە سـەعید لە دیمانەیەکدا لەگـەڵ گۆڤاری (لها) دەربارەی خۆشترین ساتەکانی ژیانی دەڵێ: بێگومان لە ژیاندا ساتی خۆش و ناخۆش هەن و هەر کەسێك تێروانینێکی تایبەتی هەیە بۆ ساتە خۆشـەکانی ژیانی، بۆ من وەك هونەرمەندێك خۆشـترین سـاتەکانی ژیان ئەوانەن کە تێیدا خەڵاتی هونەریم بەدەستهێناوە، چونکە وەرگرتنی خەڵات بۆ من وەك سەرەتای دەستپێکێکی نوێیە بەتایبەتـی ئەگەر وەرگرتنی خەڵاتەکە دوای دوورکەوتنەوە بووبێت، سـوپاس بۆ خوا تا ئێسـتا

# دیارییەکەی بیونسی نرخەکەی

گۆرانیبێژی راپی ئەمریکی جای زی وەك سـوپرایزێك بۆ بیونسی نویلزی هاوسەری لە ئاهەنگی ٣٢ ساڵەی لە دایکبوونی خەڵاتێکی گرانبەهای پێشکەش کرد کە کەس پێشـبینی نەدەکرد و وەك شۆکێك بوو بۆ خزم و کەس و هاوڕێیانی هەردووکیان.

دیارییەکەی جای بۆ بیونیسی بریتی بوو لە یەختێکی دەگمەن کە نرخەکەی نزیکـەی ٧٠ ملیۆن دۆلارە و بە یەکێك لە باشـترین و نایابترین یەختەکان دادەنرێت لەسـەر ئاستی جیهان و پێشتر چەندین جار نازناوی خێراتریـن یەختی جیهانی بەدەسـتهێناوە هەروەها توانای هەیە بەرگەی پلەی نزمی گەرما بگرێت و کەمترین وزەشی تێدا بەکاردەهێنرێت سەرەڕای ئەوەی زۆر خێرایـە و درێژییەکەی ٢١٣ پێ دەبێت.یەکێکی دیکـە لە تایبەتمەندییەکانی ئـەو یەختە ئەوەیە کە دەتوانێت بەخێرایی ٣٠ گرێ بڕوات بە بەکارهێنانی ٣٠٪ ی سووتەمەنی کەمتر لە فرۆکەیەك کە هەمان قەبارەی هەبێت.

ئەم یەختە بۆ بیونسـی گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەو پێشـبینی دەکرد چەند پارچە زێر یان

چەندین خەڵاتم بەدەستهێناوە کە هەر یەکیان تام و چێژی خۆی هەبووە و نیشانەی سەرکەوتنی من و خۆشەویستی جەماوەرەوە بۆ کارەکانم و هەر جەماوەریشە کە نیشانە و هۆکاری سەرکەوتنی هونەرمەندە، بێگومان ژیان ساتی ناخۆشیشی تێدا هەبووە و بۆ من ناخۆشترین سات هەواڵی کۆچی دوایی دایکم بووە.
دەربارەی تەنیاییش دەڵێ: من زۆر حەز لە تەنیایی ناکەم، هەروەها زۆر حەز لە کرانەوە و تێکەڵی زیاد لە پێویست ناکەم، بەڵکو دەمەوێ لەم بوارەدا جۆرێك لە میانڕەوی بنوێنم، حەز دەکەم زۆربەی کاتم بە گوێگرتن لە مۆسیقا بەسەر بەرم بە بێ جیاوازی، چونکە من زۆر لە گۆرانییەکانی ئوم کەلسوم دەگرم هەروەها گوێی لە هەموو جۆرەکانی مۆسیقا دەگرم ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی و هیندی و چینی و هەست دەکەم هەر یەکیان تام و چێژی خۆی هەیە.

## ٧٠ ملیۆن دۆلار بوو

ئەڵماسی بە دیاری بۆ بهێنێت نەك یەختێك بەم شێوە و قەبارەیە کە دەچێتە ناو لیستی کەلوپەلە گرانبەهاکانی کە حەز دەکات بەدەستیان بهێنێت.



# سۆنام کاپور: بە تەنیایی هەست بە خۆشی دەکەم

زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە هونەر دەبێتە هۆی ئەوەی کە هونەرمەندان نەتوانن بیر لە ژیانی تایبەتی خۆیان بکەنەوە بەتایبەتی ئافرەتەکان جا گۆرانیبێژ بن یان ئەکتەر زۆریان فریای شەمەندەفەری ژیان ناکەون و لە کۆتاییشدا بە تەنیایی دەمێننەوە تا سەر دەنوێننەوە لەم بارەیەوەش نموونە زۆرە کە نەبەستراوەتەوە بە نەتەوەیەك یان میللەتێکی دیاریکراو بەڵکو لە هەموو نەتەوەکاندا ئەمە بە دی دەکرێت.
سۆنام کاپوریی ئەستێرەی بۆلیۆدیش یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە لە ئێستادا بیرۆکەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری ڕەت دەکاتەوە و بە قسەی خۆی بیریشی لێ ناکاتەوە لەم بارەیەوەی سۆنام دەڵێ:
من زۆرم لا سەیرە هێشتا تەمەنم تەنیا ٣٠ ساڵە، کەچی هەر کەسێك بیناسم ببینم پێم دەڵێ بۆ شوت نەکردووە و وبۆ شو ناکەی نازانم چۆن وەڵامیان بدەمەوە، بەڵام دەمەوێ بە هەموویان بڵێم بەتایبەتی کەسوکاری خۆم، هەرچەندە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بۆ هەر کەسێك یەکێکە لە پێویستییەکانی ژیان، بەڵام من تا ئێستا هیچ پلانێکی لەو جۆرەم نییە بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و خێزان و پەروەردە کردنی منداڵ ئەنجامدانی کاری ماڵ، سۆنام زیاتر لەم بارەیەوە دەڵێ: ئێستا هەست ناکەم کاتی من گونجاو بێت بۆ ژیانی هاوسەرێتی، چونکە ئێستا تەواوی ژیانی خۆم بۆ هونەر تەرخان کردووە و هەر کاتێك زانیم کات گونجاوە ئەو کات بە ئاشکرا رایدەگەیەنم.



## خەدیجە عەلوش:

# هیوادارم فیلمە کوردییەکان هاوشێوەی دراما تورکییەکان لە کەناڵە عەرەبییەکان نمایش بکرێن



**لە مەغریب گرنگییەکی زۆر بە دروستکردنی ئەکتەر دەدەن و پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرەجوانەکان لەو وڵاتە لە ئاستێکی بەرزدایە، بۆیە بە سەدان بەهرەی هونەری لە بواری نواندن بەردەوامن لە کارکردن و خۆشەویستییەکی بێ سنووریان بۆ کارەکەیان هەیە، ئەمەش بۆ داهاتووی سینەمای لەو وڵاتە دەبێتە گەنجینەیەکی دەوڵەمەند، یەکێك لەو بەهرانە (خەدیجە عەلوش)ـە کە لە دەفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** بۆچی زۆربەی هونەرمەندە ئافرەتەکان دەڵێن لە سەرەتای کاروانی هونەرییان رووبەرووی گرفت و ئاستەنگ دەبنەوە جگە لەو رێگری و ئاستەنگانەی کە لەلایەن خانەوادەکانیانەوە بۆیان دروست دەبێت؟**

- بێگومان ئەمە راستە بە دەگمەن گوێمان لێ بووە ئافرەتێکی ئەکتەر باسی ئەوەی نەکردبێت کە لە سەرەتای کاروانی هونەرییدا تووشی گرفت و ئاستەنگ بووبێتەوە مەگەر خۆی بە هەموو شتێك رازی بووبێت، من خۆم تووشی ئەو گرفتانە بوومەتەوە، دەرهێنەر چەند داواکارییەکی تایبەتی دەبێت کە پێویستە پێی رازی بی بۆ ئەوەی رۆڵێکی سەرەکیت پێ بدات لە کارەکەی ئەگینا تۆ هونەرمەندێکی زۆر بە تواناش بیت ئەگەر بە مەرجەکانی رازی نەبیت ئەوا رۆڵێکی لاوەکی سادەت پێ دەبەخشێت کە لەگەڵ تواناکانی تۆ یەك ناگرێتەوە، ئەمەش بە قۆرغ کردن و هەوڵدان بۆ ئیستیغلال کردنی ئەکتەرە ئافرەتەکان دەزانم.

*** ئەو دەرهێنەرانە بڕوایان بە تواناکانی ئەو ئەکتەرانە نییە، یان نیازی ئیستیغلال کردنیان هەیە؟**

- نەخێر، هەموو هەوڵێکیش دەدەن بۆ ئەوەی هونەرمەندان ئیستیغلال بکەن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان، ئەمەش تەنیا

لەگەڵ ئەو ئەکتەرانە دەکەن کە لە سەرەتای کاری هونەریدان، بۆیە زۆربەی ئافرەتە ئەکتەرە گەورەکانیش کە چەندین ساڵە لەو بوارەدا کار دەکەن بەم قۆناغەدا تێپەڕیون.

*** زیاتر حەز لە بینینی چ جۆرە رۆڵێك دەکەی؟**

- ئەو رۆڵانـــەی کە جورئەت و سەرکێشـــییان تێدایە، واتە ئەوانەی جۆرێك لە جۆرەکانی ئەکشنیان تێدایە.

*** باست لە جورئەت کرد، مەبەستت چ جۆرە جورئەتێکە؟**

- بۆ ئەوەی بە هەڵە لە قســـەکانم تێ نەگەن، مەبەســـتم لە جورئەت ماچکردن و خۆ رووت کردنەوە و گرتەی ورووژێنەر نییە، بەڵکو مەبەســـتم جورئەتە لە ئەکشـــن و قسە کردن و خســـتنەڕووی بابەتەکان و لە هەڵبژاردنی رۆڵ و بابەتەکان، رۆڵەکان جیاواز بن، ئەو رۆڵانە نەبن کە هەمیشە دەیانبینین، بەڵکو جیاوازییەکی پێوە دیار بێ کە جەماوەر هەســـتی پێ بکات.

*** کێیە ئەو هونەرمەندەی تۆ بە پیشەنگی دادەنێی؟**

- زۆر هونەرمەنـــد هەن کە من بە پیشـــەنگیان دادەنێم بۆ کارەکانم، لە بواری ئەکشـــندا من زۆر سەرسامم بە ئەنجلینا جۆلـــی و شـــێوەی ئەداکردنی رۆڵەکان و لـــە ئەنجامدانی جووڵەکانـــی وەك ئافرەتێـــك زۆر بە باشـــی و بە جورئەتەوە ئەنجامیان دەدات کە تەنیا پیاوان دەتوانن ئەنجامی بدەن.

*** هەندێك جار سینەمای مەغریبی و فیلمەکانیان بەتایبەتی بەوە تاوانبار دەکرێن کە پشت بە خۆ رووتکردنەوەی و جورئەتی زیاد لە پێویست دەبەست بۆ سەرکەوتنی فیلمەکانیان؟**

- رەنگە ئەم تۆمەتە لەبەر ئەوە بێت کە فیلمە مەغریبییەکان زۆر نابینرێن و ئەمەش لە هەموو فیلمە مەغریبییەکاندا نییە ئەو فیلمانەیش کە پشـــت بەم شتانە دەبەستن دەتوانم بڵێم بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام حەز دەکەم یەك شت روون بکەمەوە ئەو دیمەنانەی کە باســـی دەکەی من بە (دیمەنی بەخۆڕایـــی) ناویان دەبـــەم و ئەمانە تەنیا لە ســـینەمای مەغریبیـــدا نییە هەندێك لە فیلمەکانی ئێمە کە بە جورئەت وەسفیان دەکەن ســـنووری ماچکردنیان نەبەزاندووە، بەڵام لە وڵاتانی عەرەبی بە دەیان فیلم هەن کە ئەم ســـنوورەیان زۆر زیاتر بەزاندووە و کەسیش باسیان ناکات.

*** سینەما و کەلتووری فەرەنسی چ کاریگەرییەکی بەسەر سینەمای مەغریبیدا هەیە؟**

- دەتوانم بڵێم پاشماوەکانی داگیرکاری فەرەنسی کاریگەریی بەســـەر کۆمەڵگای مەغریبی هەیە بـــە جۆرێك وەك هەوا هەڵیاندەمژێـــت، بەڵام ئەم کاریگەرییە لە ســـینەمادا بەدی ناکرێ، چونکە ئەو فیلمانەی پێشکەشیان دەکەین هەموویان بـــاس لە کۆمەڵـــگای مەغریبی دەکەین، ئێمـــە نەچووین بیرۆکەی فەرەنسی بهێنین و بیکەین بە فیلم.

*** زانیاریت هەیە دەربارەی سینەمای کوردی؟**

- لێت ناشارمەوە زانیارییەکانم لەو بوارەوە زۆر نین و ئەوەی هەیە لە رێگای هەواڵەکانەوە دەیبیســـتم، لە فیســـتیڤاڵی (بصمـــات الابداع) چەند کورتە فیلمێکی کوردیم بینی زۆرم پێ باش و ســـەرکەوتوو و لە ئاســـتێکی بەرزدا بوون، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا جەماوەری سینەمای کوردی لە مەغریب وەکو پێویست نییە، خۆزگە هەوڵتان بدابا فیلمە کوردییەکان لـــە کەناڵە عەرەبییەکان نمایش بکرێـــن بۆ ئەوەی لە رووی جەماوەرییەوە لەســـەر ئاســـتی وڵاتانی عەرەبی بڵاوببنەوە هاوشـــێوەی زنجیرە درامـــا تورکییەکان کە ئێســـتا چووەتە هەمـــوو ماڵێکـــی مەغریبی و شـــوێنی خۆیشی گرتۆتەوە لە دڵی جەماوەری مەغریبی.



*** هونەری مەغریبی بە گشـــتی زۆربەی وڵاتانی عەرەبییان داگیر کـــردووە لە هەمـــوو روویەکەوە، بەڵام بۆچی ئەو توانا هونەرییە مەغریبیانـــە لـــە وڵاتی خۆیان دەرناکەون و نابن بە ئەســـتێرە و هەمیشە پشـــت بە قاهیرە، یان بەیروت، یان کەنداو دەبەستن؟**

-ســـوپاس بۆ خوا هونەرمەندە مەغریبییـــەکان ســـەرەتا لە وڵاتـــی خۆیـــان دەردەکەون و ســـەرکەوتن بـــە دەســـت دەهێنـــن و لـــە کۆتاییدا ئەم ســـەرکەوتنەیان ســـنووری مەغریب دەبەزێنێت، نەك تەنیا بۆ وڵاتانی عەرەبـــی، بەڵکو لە سەرتاســـەری جیهان و شوێنی خۆیان کردۆتەوە و خاوەن جەماوەرێکی زۆرن، ئەمەش مایەی شـــانازییە بۆ ئێمە و هۆکارەکەشـــی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کـــە هونەرمەندەکانمـــان لـــە هەر شوێنێك بن دەتوانن خۆیان بگونجێنن و نموونەیەکی باشـــی ســـەرکەوتن پێشکەش بکەن و هەمووشیان پشت بە خۆیان دەبەستن، چونکە بە سەدان هونەرمەندی زۆر سەرکەوتوومان هەیە لە مەغریب کە لە ئاستێکی بەرزدان و پشتیان بە دەرەوە نەبەستۆتەوە و زۆربەی هـــەرە زۆری کارەکانیان لە چوارچێوەی مەغریب ئەنجام دەدەن کەچی ناوبانگیانی سنووری وڵاتەکەیان بەزاندووە.

*** حـــەز دەکـــەی لە کـــوێ ناوبانگ دەرکەی؟**

- ســـوپاس بۆ خوا من لـــە مەغریب هونەرم خوێندووە و کارەکانیشـــمان هەر لەوێ بوون، بەڵام حەز دەکەم لە میسر کار بکەم، چونکە سینەمای میسری لە ئاستێکی بەرزدایە و سنووری وڵاتانی عەرەبـــی بەزانـــدووە، بۆیە هیـــوادارم هەنگاوی داهاتووم لە میسر بێت.